# دەوڵەت بە داینەمۆی ناسیۆنالییزم

هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠٢١/٣/١١

**"ئەوەی باوەڕی بە دەوڵەتی کوردی نەبێ، یان گێلە یان داگیرکەرە"**.ئازاد مستەفا

**"دەوڵەت گرنگترین دەزگایە،کە مرۆڤایەتی لە مێژووی خۆیدا دایهێناوە."**

Karl W.Deutsch

واقعیبوون واتە ئەوەی ڕوویداوە و ئەوەیشی دەیبینین، پێویستە وەک هەقیقەتێکی دروست دوور لە کاریگەرێتی و وابەستەیی هەر بیر و ئایدۆلۆژیایەک ببیانبین و بیانخوێنینەوە، ئەوە پرنسیپە و واقیعبینی بریتییە لەم چوارچێوە چەسپاوە، نەک ئەو دۆخەی وەک حەز و خەونی خۆمان دەیخوازێ و ئەوەی بیرمەند و تیۆریستێک بەخەیاڵی خۆی لە کتێبی دەق ئەستوور دا دایڕشتووە.

لەم خوێندنەوەیەدا بڕیارە هەوڵ بدەین جگە لەڕاستییە مێژووییەکان چ پێوەرێکی تر نەکەینە ئامراز و دەستاوێژی کارەکەمان. دەنا دیسان ئەو وێنەیە نمایشت دەکەینەوە، کە لەدێر زەمانەوە چاومان بە بینینی تێر بووە. ئەو چیرۆکەتان بۆ دەگێڕینەوە، کە وشەکانی عەمارەپڕ بوون.

مەسەلەیەکی ڕوون و حاشاهەڵنەگرە، لە دنیای ئیمڕۆدا گەر خاوەنی دەوڵەت نەبیت، وا لە جیهان دا هیچ قەبانێک ناتخوێنێتەوە... هیچ دەنگ و ڕەنگ و کێش و سەنگێکت نییە. هەر وەکو ئەوە وایە لە کۆڕێکدا بیت و بتەوێ قسە بکەیت، کەس گوێت لێ نەگرێ، پەیامێکت هەبێت و ڕێگەت نەدەن مایکرۆفۆن بگریت بەدەستەوە... وەک ئەوەیە تۆ هەیت و ئەوان چاویان نوقاندووە و ناتبینن، تۆ پڕ بە گەرووت هاوار دەکەیت، ئەوان گوێیان بە لۆکە ئاخنیوە و دەنگت نابیستن..

ئەم هەقیقەتە تاڵە وەک عەبایەکی چڵکن باڵی بەسەر سیاسەتی زلهێز و خاوەن بەرژەوەندییەکاندا کێشاوە و هەرچی ناوی ماف و خۆشەویستی و ڕێزە بۆ مرۆڤ خراوەتە ژێر پۆستاڵی ڕەشیەوە. ئەم گەمە ناشیرینە ناونراوە یاسای نێو دەوڵەتیی/ سیستەمی جیهان و ستریۆتایپی سیاسەت لەسەر شانۆی جیهان !. خەت و خاڵی بۆ کێشراوە و ناوەندەکانی بڕیاردان بە پێوەری بەرژەوەندی خۆیان پێشوەخت لەسەری ڕێک کەوتوون و کاری پێ دەکەن. ئیمڕۆ لەسەر شانۆی سیاسەتی جیهانی یەک تاکە دیاردە بەرچاو دەکەوێ، ئەویش بریتییە لە بەرژەوەندی زلهێزەکان، ئەوانەی بوونەتە ئاغای جیهان، ئەوانەی خاوەن دەوڵەتن. لەدەرەوەی ئەم هاوکێشەیە، هەموو ئەوانی دیکە بە ڕوانگەیەکی جیاواز تر دەبینرێن و دەخوێندرێنەوە.

لەم چرکەساتەی جۆلانە و چەرخوفەلەکی هەڵسوڕاندنی ئەم جیهانە نەگریسەدا، گرفتی بێ دەوڵەتی بۆ بێ دەوڵەتان! بە زەقی بەدیار دەکەوێت... لە سەردەمانێکی دیاریکراوی سەرەتای مێژوودا ، ناسیۆنالیزم بە پۆزەتیف هاتۆتە مەیدان و ڕۆڵ و مۆتیڤی هەرە سەرەکی بەدەوڵەتبوونی زۆرینەی نەتەوەکانی لە ئەوروپا گێراوە...سەرباری هەبوونی کۆمەڵێ سەرنجی جوداوازی ئێرە و ئەوێ لەسەر ئەوروپا!، ئەم کیشوەرە کە بەلای زۆربەمانەوە بە بەهەشتی لیبەرالیزم و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و پێشکەوتن و زانست ناسراوە و دروستیش وایە! هێشتا هەر سەرقافڵەی دەستکەوتە بەهادارەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە.... هەموو دەستکەوتوو و هەنگاوە ئەرێنییەکان دوای بەدەوڵەتیبوونی زۆری نەتەوەکان بەرهەم هاتوون. دەنا پێشتر ئەوروپاش بە قۆناغێکی شەڕ و کوشتاری خوێناویدا تێپەڕیووە و کاولکاریی و برسێتی بەسەر خەڵکدا هاتووە. بەواتای ئەوەی دەوڵەت داینەمۆی هەنگاوە گەورەکان و گۆڕانکارییە زەبەلاحەکان بووە و بەردەوامیش هەر هەمان ڕاستیی دێفاکتۆیە.

لەم کۆنتێکسەدا نابێت لەوە بێ ئاگابین، یان ناواقعیبین، کە دەوڵەتیش وەک هەر داهێنان و دیاردەیەک لە مێژوودا، بە جۆرێک لە جۆرەکان جێی مشتومڕە. لە لایەک بوون و کار و پێناسەی بەرز و گرنگ دەنرخێندرێ و لە لایەن کەسانێکی دیکە بە دەزگایەکی خراپ و تۆقێنەرە پێناسە دەکرێ . زانا و تیۆریست هەیە دەوڵەت بە گەورەترین داهێنانی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنێ و هەیشە بە دەزگایەکی داپڵۆسێنەر و پارێزەری بەرژەوەندی ستەمکارانی دادەنێ... بەڵام واقیعی ژیان

و بەرەوپێشچوون و فراژبوون سەنگی مەحەکە و دەوڵەتیش لەسەر زەمینی ئەم واقیعەدا بەها و نرخ و گرنگی بۆ هەر کەسێک بەدیار خستووە.

لە هەقەتدا جیاوازی بۆچوونەکان لەسەر دەوڵەت بۆ خۆی دیاردەیەکی ئاساییە، بەڵام تێکڕای مەسەلەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەو نەتەوانەی لە ئەنجامی پرۆسێسی گەشەکردنی خۆیان بوونەتە دەوڵەتدار و گەیشتوون بەم ئامانجە و ئەم دەزگایەیان خستۆتە خزمەتکردنی خودی خۆیان و گەشەکردن و خۆشگوزەرانی ئایندەیان و دەزگای دەوڵەتیش ئەو ڕۆڵەی گێڕاوە، دەوڵەت بۆ ئەمانە بۆتە پێکهاتەیەکی سروشتی گرنگ و بەهاداری ناسنامەی نەتەوەییان و ڕەنگە هەرگیز نەیەت بە خەیاڵیاندا بێ دەوڵەتی مانای چییە؟..

ئەو گەل و نەتەوانەیشی کە هێزی دەرەکی/ کۆلۆنیالیزمی جیهانی دەوڵەتی بە زۆر و بە فرمێسک و خوێن بۆ قوت کردۆتەوە، یاخود لەسەر هەژماری جەستە و خوێنی میللەتان تر بۆ هەڵچنراوە، بە زۆری زۆردارەکی نەتەوەی تریش لکێندراوە بە دەوڵەتەکەیانەوە یاخود تێی خزێندراوە، ئەوانە دەوڵەتیان بۆ خۆیان کردۆتە دیاردەیەکی ئەزەلی و تا ڕادەی پیرۆزیی دەیپەرستن. ئەوانە دەوڵەتەکەیان کردۆتە بەهێزیترین چەکی دەستیان و ڕەوایەتی شەڕ و کوشتاری گەل و نەتەوە بێ دەوڵەتەکانی لێ وەردەگرن!.. نموونەکانی دەوڵەتی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا لەتەک کورد دا باشترین بەڵگەیە.

لێرەدا بەخێرایی بەتایبەت فۆکس دەخەینەوە سەر دیاردەی دەوڵەت لە مێژووی گەلان و کیشوەری ئەورووپادا. ئەورووپاییەکان پێیان وایە دەوڵەت داهێنانێکی مۆدێرنەیە و تەواو ئەورووپاییانەیە و لێرەوە هەنگاوە گەورەکانی شارستانەتی نراون و ئازادی لیبەڕاڵی و دیموکراسی و تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی زانست سەری هەڵداوە.. ئەم بۆچوونە گەر ڕاستیشی تێدا بێت، هێشتا ناتوانێ سیمای ڕاستەقینەی ئەورووپا یەک ڕەنگ بکات. لە ئەورووپای پاش دووەم جەنگی جیهانییەوە هێشتا، سیستەمی پاشایەتی، کۆماری، دیموکراسی و نادیموکراسی هەیە و سەردەمانێکیش سۆسیالیستی هەبووە. هەموو نەتەوەکانی ئەورووپا بە دادپەروەریی لە دەستکەوتەکانی ئەم شارستانێتی بەهرەمەند نەبوون... ئێمە دەبینین هێشتا « کاتالانی، باسک، سکۆتی، گالیزی، کۆرسیکایی، بێرتۆنی، ئێرلەندی» و گەل و نەتەوەی تریش لەو ماف و دەستکەوتانە بێ بەش کراون کە کیشوەری ئەورووپای پێ ناسراوە!... هەتا ئێستاش ڕێگە نادەنە ئەم نەتەوانە بگەنە هەمان ئەو مافانەی خۆیان پێی گەیشتوون، کە سەربەخۆیی و بە دەوڵەتبوون خاڵی هەرە زەقی جیاکەرەوەی نەتەوەی خاوەن دەوڵەت و نەتەوەی بێ دەوڵەتە...

دەوڵەت بەگشتی لای زۆرینەی هەرە زۆری میللەتانی ئەورووپا، دەستکەوتێکی گەورە و پیرۆزە. دەشێ لێرە و لەوێ کەسێک شتێکی پێچەوانەی وتبێ، یاخود کۆسمۆپۆلێتییانە بیری کردبێتەوە، لێ هەموو ئەوانە نەیانتوانیوە لە بەهای دەوڵەت کەم بکەنەوە. وەک دەزانین زۆرینەی دەوڵەتانی ئەورووپا ئەندامی « یەکێتی ئەورووپا» ن و بروکسل پایەتەختی ئەم یەکێتییەیە، کەچی هەر نەتەوەیەک دەوڵەتی خۆی ماوە و میللەتیش سەرپشک بکرێ لە نێوان پاتەختی وڵاتەکەی خۆی و بروکسل دا، پایەتەختەکەی خۆی هەڵدەبژێرێ و گوێی لێ دەگرێ. بنۆڕن Friedrich Engels کە پێکەوە لەگەڵ Karl Marx مانیفێستی کۆمۆنیستیی نووسیووە و گوایە پرۆلیتاریاش خاوەنی دەوڵەت نییە، سەبارەت بە دەوڵەتەکەی/ ڕایخەکەی بسمارک دروستی کرد بۆ ئەڵمان دەڵێ: ئەمە هەنگاوێکی بەرەوپێشچوونی مێژووییە. واتە پیرۆزی دەکات!..لەتەک ئەم هەموو ڕاستییانەدا، هەتا هەنووکە کەسمان نەدیوە بە شۆقڵ و چەکوش بەربووبێتە گیانی دەوڵەتەکەیی و لەبەر خاتری فەرمایشتی فەیلەسووف و نووسەر و تیۆریستێک.!..یان هەر دەق و تیۆرییەکی دیکەوە پەیکەرەکەی بڕوخێنێ. ڕاستی ئەوەیە، ناکرێ تۆیەک لە ژوورەکەی خۆتدا دانیشتووی بەخەیاڵ هەموو ناسیۆنالیزمێک یاخود بوونە دەوڵەتێک بەوەی هیتلەر و مۆسۆلۆنی بچوێنین!. دروست نییە پێت وابێت خەباتی نەتەوایەتی یۆنانی بۆ ڕزگاربوون لەدەست هەژموونی تورکی عوسمانی ، وەک ڕەفتاری ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی ئینگلیزە لەگەڵ خەباتی سکۆتی و هی ئیسپانییە لەگەڵ کاتالانی و باسکی دا. ناکرێ ماتزینی و هێردەر وەک میشل عەفلەق و کەمال ئەتاتورک تەماشا بکەیت!. ناکرێ وڵاتانی وەک سویسرا و سوید بخەیتە ڕیزی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریاوە...!

لە ئەورووپا جگە لە ئینگلیز و فەرەنسی کە مێژوویەکی دوورودرێژ و تایبەت بە خۆیان هەیە. ئیدی ناسیۆنالیزمی لیبەڕاڵ وا بانگاشە دەکات کە لەگەڵ ئەوەدایە : یەکسانی گەلان و مافی تاک دەسەلمێنێ، چونکە ڕابەرەکانی ئەم ڕێبازە ماتزینی و گاریباڵدی و کافوری ئیتالی و هێردەری ئەڵمانیی وایان بیر کردۆتەوە. دروستبوونی زۆربەی دەوڵەتەکانی ئەورووپا پاش

هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەکان - هابسبۆرگ- ی سەریان هەڵداوە. لە نێوان ساڵانی1870-1914 دا 50 دەوڵەت لە جیهان دروست بووە ، لەوانە 16یان لە ئەوروپا بووە.

ساڵی 1918 لە کۆمەڵەی گەلان 60 دەوڵەت ئەندام بووە. پاشان ژمارەکان زیادبوون بۆ: 42——(1920)دەوڵەت ..(1945)—51 دەوڵەت. (9601)—82 دەوڵەت ..(1984)—61 دەوڵەت..( 2015)—193 دەوڵەت. بەلژیکا 1831 لە هۆڵەندە جیابۆتەوە. نەرویج 1905 لەسوید، دوای هەڵوەشانەوەی ئەو یەکگرتنەی نێوانیان لە 1814ەوە. ئایسلاند1924 لە دانیمارک دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی نێوانیان. پێشتریش باسمان کرد یۆنان بە شەڕێکی خوێناوی 1830 سەربەخۆ بوو. ئیتالیا 1861 ئەڵمانیا 1871 هەردوو دۆخێکی تایبەت بە خۆیان هەیە وەک ئەزموونێکی سەربەخۆ بە شۆڕشی یەکگرتنەوە بوونە دەوڵەت بۆیە ناسراون بە ناسیۆنالیزمی Unifizieren/Sezessien، ڕۆمانیا و سەرب و مۆنتگیرۆ 1878 و بولگاریا 1908 و ئەلبانیا 1913 و فینلەندە 1917 و پۆڵۆنیا، چیک، ئیسلاند، لێتلاند، لێتاون، شانشینی سەرب و کرواتیا و سلۆڤێنیا/ یوگوسلافیا1921- 1929و ئیرلەندە1922. کە شوورەویش داڕما بەدوای خۆیدا نزیکەی 20 کۆماری نوێی لێ کەوتەوە.

پرنسپی ناسیۆنالیزمی لیبەراڵ لەگەڵ چەوساوە و ستەملێکراوە دژ بە چەوسێنەر و ستەمکار. سیاسەتی ناسیۆنالیستی یەک زمان کە لەلایەن ڕووسیاوە پێڕەوی لێ دەکرا لە وڵاتانی: ئۆکرانیا، بەشە داگیرکراوەکەی پۆلۆنیا، وڵاتانی بەلتیک، فینلەندە، دڕندانە بوو، ئەمەش ناسراوە بە ناسیۆنالیزمی Integralen و بڕیارەکەیCharles Maurres ی فەرەنسییە. نابێ باز بەسەر ڕاستیەکدا هەیە بدەین، ئەویش ئەوەیە ، دوایی کۆتایی هاتنی یەکەم جەنگی جیهانی ئەوروپا بە پێی خەونەکانی بیریار و پەیامبەرێکی ئازادیخواز و دیموکراس و لیبەڕاڵی وەک «ماتزینی» دانەڕژرایەوە! ڕێک نەخرا..

تەماشا بکەن لیستی ئەو شوێنانەی کراونەتە دەوڵەت، ناوگەلێک هەیە، بە هەموو ڕووبەروو و ژمارەی دانیشتوانییەوە، هێندەی شارۆچکەیەکی کوردستان نابێت، کەچی دەوڵەتە و خاوەنی دەنگ و ئاڵا و پاسپۆرت و درواى خۆیەتی. لەسەر شانۆی جیهانی دەنگ و سەنگ و ڕەنگی هەیە. کەواتە کێشە لەوەدا نییە ڕووبەری وڵاتەکەت چەندە و ژماری دانیشتوانەکەی چەندە؟ بەڵکو لەوەدایە ئایا : تۆ لەو بازنەیەدایت، لەو سیستەمەدایت، ئەو بەرژەوەندی و یاسایانە دەتخوێنێتەوە کە تەرازووی یاسای نێودەوڵەتی وەک دەوڵەت دەتخوێنێتەوە؟ یاخود نا!... خاوەنی ئەو ڕەوایەتییە نێو دەوڵەتییەی کە سیستەمی جیهانی نەخشی بۆ کێشاوە؟...

وەک دەبینین هەر ئەم خاڵە هەستیار و چارەنووسسازەیە - دەوڵەت و بێ دەوڵەت - وا دەکات، ئەو هێز و لایەن و کەسانەی ڕێگریی دەکەن لە بەدەوڵەتبوونی کورد، یاخود داواکاری ناواقعییان هەیە و خەونی پرتەقاڵی دەبینن و بە شەوارەی نێو کتێب کەوتوون! ، لە دیدی نەتەوەییەوە بەر ڕەخنە بکەون و بەرپرسیار بکرێن لە ئاست ڕێگریی و ئاستەنگ دروست کردن بۆ پرسی سەربەخۆیی کورد.

کە تەماشای ئەم گرافیکە دەکەین، وا ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوانی دەوڵەتگەلێکمان بەرچاو دەکەوێ هێندەی دێگەڵەیە، کە ئێستا بۆتە سنووری فەرمی نێوان دوو هێزی وەک پارتی و یەکێتی. ئەمەش پرسیارێکی جێی سەرسوڕمان نییە! هێندەی خەوش و نەنگیی و ئنجا تاوانیشە. بەڵێ ئەوەی حیزبی کوردی دەرهەق بە چارەنووسی کورد دەیکات، تاوانێکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی ڕێکەوتنە بەدناوەکەی سایس پیکۆ..!

١) خشتەی دەوڵەتە بچووکەکان و ٢) دەوڵەتە گەورەکانی جیهان






لەم خشتەدا دەوڵەتگەلێک بەرچاو دەکەون، لەسەر نەخشەی جیهان بە زەڕەبین و GPS بەدوایاندا بگەڕێی نایدۆزیتەوە. کەچی دەوڵەتن و خاوەنی سیمبۆلەکانن. دەتوانن بەشداری پێشبرکێ جیهانییەکانی هونەر و وەرزش و ڕۆشنبیریی بکەن. تاکەکانی خاوەنی ناسنامە و پاسپۆرتن و بۆیان هەیە گەشتی جیهان بکەن. هاوڵاتی دەوڵەتی مۆناکۆی هەرە بچووک بێت، یاخود ڕووسیا هەرە گەورەی جیهان، لە نەتەوە یەکگرتووەکان خاوەنی یەک دەنگیت و یەک کورسیت...گەر دیقەتێ لە مێژووی جیهان بدەین، دیاردەیەکی نامۆ و جێی سەرسووڕمان نییە، کاتێ جولەکە تا نەبووە خاوەن دەوڵەت چۆن هەر تێهەڵدراوی مێژوو بوون... چین بەو گەورەیی و زەبەلاحییەی خۆیەوە، گەر قەوارەی دەوڵەتی لێ بستێنیتەوە، کێشی دەبێتە پووشێ..!

بە پێودانگی یاسای نێودەوڵەتی، تۆی بێ دەوڵەت هەمان گەمەت لەگەڵ دووبارە دەکرێتەوە. جا تۆ وەرە هەزاران چیرۆک و ڕۆمانی هەڵەبجە و ئەنفالت هەبێت، باسی داستانی قارەمانێتی کۆبانیت لە هەگبەدا بێت! قەڵای دمدم زیندوو بکەرەوە، بیخەرە بەردەم جیهان، نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمەگای نێودەوڵەتی، هەموو ئەمانە هیچ گوێگر و سەنگ و بەهایەکیان نییە. هێندەی بروسکەیەکی دوو دێڕی قونسوڵی دەوڵەتێک نییە! بیکات،کە دانیشتوانەکەی هێندەی نیوەی بەرزنجەش نەبێت.!

بێدەنگی جیهان لە ئاست کیمیابارانی هەڵەبجە 1989 و ڕزگارکردنی کوێت ساڵی 1991 بەڵگەی زیندووی ئەم ڕاستییەن...

کورد و نەتەوەکانی تری بێ دەوڵەتن! کاراکتەرێکی سەر شانۆی سیاسی و ئەندامی UNO نین، بۆیە گێجی مافی مرۆڤیش نایان خوێنێتەوە. ئەمەش واقیعە نەک قسەی ناو کتێب و خەیاڵ پڵاوی ژوورە تاریکەکانی سیاسەت و دروشمی بریقەدار و فەنتازیای فەیلەسووف و نوسەران..

نووسەرێک دەڵێ: « بە بێ دەوڵەتێکی بەهێز، بازاڕی ئازاد نابێت، تەنیا دەوڵەتێکی بەهێز دەتوانێ مافی ئازادی و بنچینەیی بە متمانەوە گەرەنتی بکات. هەر تەنیا بەم شێوە مافی هەڵسوکەوت و خاوەندارێتی خۆیی کاروباری بازاڕێکی کراوە و ئازاد مسۆگەر بکرێت.. بۆ ڕاپەڕاندنی ئەمانەش دەوڵەت پەنا بۆ دادگا و پۆلیس و هێزی چەکدار دەبات. ئەمانیش سەرگەرمی دابینکردنی ئاسایشی ناوەوەو دەرەوە دەبن، کە لەسەر وەختیAdam Smith وە وەک ئەرکێکی دەوڵەتی بۆتە جێی تێگەیشتن و کارپێکردن..

**گەلۆی هاوخوێن و هاوزمانی کوردم:**

کورد نەتەوەیەکی هەرە کۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوینە ، لە ئێستادا زیاتر لە 60 ملیۆن کورد هەیە. ژمارەی کورد لە « پۆڵەندی و ئەرجەنتنی و کەنەدی و هۆڵەندی زیاترە»...کوردستان وڵاتیی مێژوویی نەتەوەی کوردە. ڕووبەرەکەی نزیکەی 500,000 km . هەشتەمین وڵاتە لە ڕووی ڕووبەرەوە ، یەکسانە بە:« ئەڵمانیا و یابان و دوو هێندەی فەڕەنسا» یە. لە «ئیتاڵیا و بەریتانیا وسەنگال» گەورەترە...4 جار لە کۆریای باشوور و 10 جار لە سویسرا و50 جار لە لوبنان گەورەترە...

160 km هەزار کیلۆمەتری دارستانە، کە دەکاتە39% ڕووبەرەکەی. هەر 122 کەس لەکوردستان لەسەر یەک کیلۆمەتر دووجا دەژین. کوردستان وڵاتێکی شاخاوی دڵفڕێنە بەرزترین لوتکەی چیای ئاگرینی5137 مەترە و سەرچاوەی ئاو و ڕووباری زۆرە، دیجلەو فورات و زێی گەورە و بچووک و رووباری سیروان و دەریاچەی وان و دوکان و دەربەندیخان و ... هتد.هاوکات وڵاتێکە دەوڵەمەندە بە نەوت و بڕی 100 ملیۆن بەرمیل نەوتی یەدەگی هەیە و کە دەکاتە 7,5% نەوتی جیهان و لە ڕیزی 8 مین وڵاتانی خاوەن نەوتدایە.

کوردستان خاوەنی کەرەسەی خاوی بەهاداری تر و هەڵکەوتێکی جیۆپۆلەتیکی گرنگی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین. مەڵبەندێکی شارستانێتی کۆن و لانکی گەلێ ئاینی ئاسمانییە. ئەمانە و کۆمەڵێ تایبەتمەندی تریش بۆ چرکەساتێ بهێنە بەرچاوی خۆت ..! بێ گومان نابێت بە هیچ جۆرێک دڕندەیی و نامرۆڤی داگیرکەران و دوژمنانت لە یاد بچێت. وەک وتراوە: **نەتەوە پێویستی بە دوژمنە، بەو هۆیەوە ئاسانکاریت بۆ ساز دەبێت لە گەڕان بە دوای ناسنامەی نەتەوایەتی خۆیی دا.** جا بە هەق کورد پێویستی بە هیچ گەڕانێک نییە،چونکە لە مێژساڵە لەبەردەم هەڕەشەی لەناوبردنی 4 دەوڵەتی دوژمندایە...

ئنجا بە کاوەخۆوە و بە قوڵی بیربکەرەوە و خۆت بەراورد بکە بە ڕۆڵەی نەتەوەیەکی خاوەن دەوڵەت..! لە خۆت بپرسە من بۆ بێ ناونیشان و ئەو بۆ خاوەن ناو و نیشانە؟..!!!لە ئاکامدا دەگەینە ئەو وێستگەیەی کە تۆ ئێستا وەک کەسێکی هوشیار و بە ئاگا و خاوەن زانیاری و ڕۆشنبیریی ئیستێک بکەیت و بپرسی لە خۆت:

بێ دەوڵەتی بۆ من واتای چی؟ بێ دەوڵەت بەرەو کوێی ئەم جیهانە ژیان دەئاژووم و چۆن دەبێت منداڵەکانم و نەوەی نوێ لە ئێستا و ئایندەدا هەر بێ دەوڵەت بمێننەوە ؟ بێ دەوڵەتی چی لێ زەوت کردووم و چ کەلێنێکی خستۆتە کەسایەتی و ناسنامەکەمەوە؟ پێویستە چ بکەم بۆ ئەوەی نەوەکانمان لە ئێستای منی بێ دەوڵەتەوە ببنە ئەوسای ئەوانی دەوڵەتدار!؟.. بۆ ئەوەی نەوەکانمان ببنە خاوەن شکۆ و ئابڕوو و ڕزگاریان بێت لەو گرێ دەروونییەی لە دێر زەمانەوە، وەک خۆرکە ئێمەی داخۆران کردووە؟، قوتاریان بێ لە دەیان و سەدان دەرد و گرفتی دیکە..هەستیارترین پرسیار،ئەی ئەگەر دەوڵەت هێندە گرنگە، بۆ حیزب و لایەنە کوردی و کوردستانییەکان بە فەرمی نەیانکردۆتە ستراتیژی نەگۆڕ و سەرەکی خۆیان؟. ئەی بۆ لە ناو کوردی نیشتمان داگیرکراو و دابەشکراودا، بایەخ بۆ دەوڵەت خراوەتە پەراوێزەوە؟!،، بۆ گیان و باوەڕی نەتەوایەتی بەو ئەندازە گەورە و شێوازە نا ئەقلانی و دڕندەییە دژایەتی دەکرێ و ناوەڕۆک و سیمای دەشێوێندرێت؟..!

ئاخر دەبێت ئەو ڕاستییە مێژووییە باش بزانی و لێی تێگەشتبێتی: هەر خەبات و تێکۆشانێکی کوردی و کوردستانی، بۆ ئامانج و ستراتیژی سەربەخۆیی و بەدەوڵەتبوون نەبێت، قومارکردنە، بازرگانییە، بە قوربانیدانی ڕۆڵەی کوردە،درۆکردنە، لادانە لە ئەرک و پەیامی بنەڕەتی کوردایەتی.. کاولکاری و مێژوویەکی ڕەشە.